# پێنجەمین بەرەی سۆسیالیستی جیهانی سەرلەنوێ
# سەرکەوتنێکی گەورەی بە خۆوە بینی

ئاسۆ شابان ، هۆڵەندا
٠٥/ ٠٢ / ٢٠٠٥
a_shaban1@hotmail.com

بەشدار بوونی ( ٢٠٠ ) هەزار کەس لە گەورەترین خۆپیشاندانداندا ، مانایەکی تری بە داهاتووی گەشی بزووتنەوەی سۆسیالیزم بەخشی ، لێرەوە دەتوانین برەوو گەشەی ( WSF )* دەست نیشان بکەین ، لە ( ٢٦ ) تا ( ٣١ ) یەنیوەری ئەم بزووتنەوەیە گەشەیەکی بەرچاوی بینی بە تایبەتی لە ( Porto Alegre ) ( Barazilie ) .

بەرەی سۆسیالیستی جیهانی لە نێوەندی ( ٩٠ ) دەوڵەتدا توانیویەتی تا ئێستا (١٢٠) هەزار کەس لە دەوری خۆی کۆکاتەوە ، نزیکەی ( ٢٥٠٠ ) جار ڕاوێژکردنو ووتووێژ لە نێوان سەدەها ڕێکخراوی سیاسیو سەندیکا کرێکاریەکانو ( NGOs )* و کەسایەتی جیاوازدا سازکرا .

( Claiton chaves ) گەنجێکی سۆسیالیستی خەڵکی بەڕازیلەو تەمەنی ( ٢١ ) بەهاری تێپەڕاندوە ، بەگەرمیەوە قسە لەسەر ئەم بەرەیە دەکاتو دەڵێت : ( ئێمە تێدەکۆشین لە پێناو گۆڕانکاریدا لە بەڕازیل ، گەنجەکان دەبێت بۆ ئەم مەبەستە ئامادەبنو بجەنگن ) ، پاشان دەڵێت : ( ئێمە دەبێت تێکۆشین لە پێناو داهاتوویەکدا کە پاشەڕۆژی ئێمە مسۆگەر دەکات ، بۆ ئەمەش ئێمە پێویستمان بە گۆڕانکاری هەیە لە یاساکانی دەوڵەتدا ، بۆ ئەو داواکاریانەی کە سبەی و دواتر پێویستمان پێی دەبێت ) .

( Tereza Mendes ) لە بەشی زانستی دەروون لە ( Rio de Janeiro ) هاتووە لە پێناو قسەو باسو ووتووێژێکدا سەبارەت بە ( ڕێزلێنانو بەرز ڕاگرتنی جێگەو ڕێگەیەك بۆ ئافرەتان لە بواری کارو سیاسەتداو خەباتکردن لە پێناو پێکەوە ژیانێکی سۆسیالیستانەدا ) .

لە پاڵ بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری تێرداو لە مانیفێستی کرێکارانی باشووری کۆریادا ڕێکخستنێك دژی گێڕانەوەی خاوەندارێتی گشتی بۆ تایبەت ڕێك خرا ، جگە لە

ڕێکخستنی نارەزایەتیەکانی بێکارانی ئەرجەنتین ، لەوێشدا چەند ساتێکی بێدەنگ بۆ قووربانیانی( تسونامی ) ڕێك خرا .

## جەنگ

( Walden Bello ) نووسەرو کەسێکی چالاکی ئەم بزووتنەوەیە کە خەڵکی فلیپینە دەڵێت : (( شەری عێراق دەبێت بکەینە نێوەندێك بۆ خۆئامادەکردنو ڕێکخستنی خەباتمان دژی شەر ، ناکرێت بەرامبەر هەموو ئەو کارەساتانەی لە عێراقو فەلەستیندا روو دەدەن ، هەروا وەك بینەرێك بمێنینەوە ، خەباتکردن بۆ پتەوکردنی بەرەی دژی شەر ، پرسی ئەمڕۆو هەمیشەیمانە ، بزووتنەوەی ئاشتی کەمتر کارێکی هەستیارانەیەو زیاتر ڕێکخراوبوونی بە خۆوە گرتووە پاش ( Porto Alegre ) )) .
( Bello ) ڕەخنەی زۆر توندی ئاڕاستەی سەرۆکی بەڕازیل ( Lula ) لە ( wsf ) دا کرد .
( Lula ) هیوادارە کە خەڵکی بەڕازیل گۆڕانکاری بە سەریاندا بێت ، لە بەرامبەر ئەو هەموو سامانەی کە لە واشنتۆن ( Wall Street ) دا هەیە ، جگە لەوەی ئەو لەگەڵ ڕێکەوتن نامەی ( سندووقی دراوی نێودەوڵەتی ) دا دێتەوە .
گەورەترین ( ٣ ) ڕێکخراوی ( HRW , ICJ , FIDH )* ی مافی مرۆڤ لەسەر ئەوە کۆك بوون کە ( شەر دژی تیرۆر ) مافی مرۆڤی لەسەرتاسەری جیهاندا ، خستە مەترسیەوە ، عێراقو فەلەستینو کۆلۆمبیا ، بوونەتە قووربانی ئەم شەرە سیاسیەی ئەمەریکا .
ئەو باجەی کە خەڵکی عێراق لەئەنجامی هێزەکانی داگیرکەران دەیدات ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرزبوونەوەدایە .
سەدەها هەزار کوژراو ، چەند هێندەی تر کە سەرژمێر نەکراون ، کارەساتەکانی ناو زیندانەکان ، تێکچوونی زۆربەی پەیوەندیە ئاساییەکانی نەتەوە جیا جیاکانی نێو عێراق ، سەرهەڵدانی دژایەتی فەرهەنگە ئاینیە جیاکان ، دەسەڵاتگرتنی فیوداڵەکان لە بواری سیاسیدا ، تەواو ژیانی ئاسایی خەڵکی عێراقیان خستۆتە مەترسیەوە ، دابین نەکردنی پێداویستیە ڕۆژانەکانی خەڵك ، کێشەی ئاوو کارەبا کە ڕۆژانە بەرۆکی خەڵکی ئەم وولاتە دەگرێت ، دابەش نەکردنی پێداویستی سووتەمەنی ، بێکاری ، نەخۆشی ، ئایندەیەکی ئاڵۆزو نادیار ، باجێکی گەلێك

قوورسه كه خه‌ڵكی عێراق ده‌بێت بیده‌ن .
لێره‌دا ئێمه پێویستمان به هاوخه‌باتیی‌و هاوده‌نگی ( WSF ) هه‌یه له‌گه‌ڵ خه‌باتی سه‌رتاسه‌ری خه‌ڵكی عێراقدا ، جگه له پیاده‌كردنی بیرۆكه‌ی ژیانێكی هاوبه‌شی سۆسیالیستانه‌و خه‌بات دژی كۆڵۆنیاڵ كردن‌و پشتیوانی كردنی به‌ره‌یه‌ك دژ به ده‌سه‌ڵاتی ڕه‌های سه‌رمایه‌داران .

## هێز

( John Holloway ) بیروڕایه‌ك پێشنیار ده‌كات كه (( ئێمه ده‌توانین ئه‌م دنیایه بگۆڕین بۆ دنیایه‌كی باشتری بێ سه‌رمایه‌داران به‌بێ ئه‌وه‌ی پێویستمان به هێز هه‌بێت )) ، به‌ڵام ( Alex Callinicos ) له ( پارتی كرێكارانی سۆسیالیست ) ی به‌ریتانیا ، دژی ئه‌م بیروڕایه وه‌ستایه‌وه‌و ووتی (( ڕاسته كه‌وا زۆر جار ، هه‌وڵدان بۆ پێكه‌وه‌نانی هێزێك ، ڕێك نه‌كه‌وتووه ، به‌ڵام دڵنیاین له‌وه‌ی كه هه‌میشه له‌كاتی خه‌بات كردندا ، ئه‌ڵته‌رناتیڤێك دێته بوون بۆ چاره‌سه‌ركردن )) .
ئه‌و له‌وه دڵنیایه ، ئه‌و گرووپه دژه _ كه‌پیتالیستانه‌ی كه هه‌ن ناتوانن به ته‌نها ئه‌م دنیایه بگۆڕن ، ئه‌گه‌ر بێت‌و ئه‌وان خۆڕێك نه‌خه‌ن بۆ چاره‌سه‌رو بنبركردنی كه‌پیتالیزم له بنه‌ڕه‌ته‌وه .
(( ئه‌مرۆ هێزی كه‌پیتالیزم له دنیادا زۆر به‌هێزو به‌رفراوانه ، به‌ڵام ته‌نها خه‌باتی یه‌كگرتووی سۆسیالیسته شۆڕشگێڕه‌كانه ، كه ده‌توانێت له كۆتاییدا سه‌ركه‌وتوبێت ))
كالینكۆس به‌م شێوه‌یه ده‌دوێت .
گه‌وره بوونه‌وه‌ی ( به‌ره‌ی سۆسیالیستی جیهانی ) و پێداگرتنیان له‌سه‌ر خه‌باتێكی به‌رده‌وام و نه‌پساو ، قسه‌و باسێكی چڕوو پڕی ڕۆژانه‌ی سۆسیالیسته شۆڕشگێڕه‌كانه‌و دڵنیا بوونێكی ڕۆشنه له شكستی گلۆباڵیزم‌و ناپوت بوونی داراییی ئه‌م سستمه .
لیژنه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئه‌م به‌ره‌یه ، به خۆپیشاندانێكی گه‌وره ، دژی بازرگانی ئازاد ، ( FTAA ) * ، جه‌نگ ، ڕژێمی بۆش ، كۆتایی هێنا .

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

*- ( Alex Callinicos ) نوێنه‌ری پارتی كرێكارانی سۆسیالیستی به‌ریتانیا .
*- ( WSF ) واته ( Wereld Sociaal Forum ) .
~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

*- ( FTAA ) واتە ( Free Trade Area of the Americas ) .

*- ( HRW ) واتە ( Human Rights Watch ) .

*- ( ICJ ) واتە ( International Court of Justice ) .

*- ( FIDH ) واتە ( Federation International de los Derechos Humanos ) .

*- ( NGOs ) واتە ( non – governmental organizations ) .

*- ئەم نووسراوە دەبوایە لە سەرەتای مانگی فەبریوەریدا ( ٢ ) بڵاوبکرایەتەوە بەڵام لەبەر هەندێ گرفتی تایبەتی خۆم دواکەوت ، بڵاوکردنەوەشی مانای گرنگی بابەتەکە دەردەخات .